# دێمەوە بۆ لاتان،

ئەحمەد بەهرامی(تورجان)

وام دەزانی لەژێر پەڕی سێبەری گەڵای دارگوێزەکانم.
وام دەزانی ئەو سێبەرەی لە دەلاقەی پەنجەرەکان گوزەیان دەکرد نسێی گوێسوانەی ڕووبەڕووی ماڵە گڵێنەکەی ئاڵمانەیە لەبەرچاوم دێن و دەچن!
سەرهەڵدەبڕم ئاسمانێکی نزم خۆرێکی کەم تاقەت تێدا گوزەری دەکرد،
ئاسمانێک شوورەکێشراو بە دیواری هەور و هەڵمی بەحرەکان.
بە هاڵاوی دارستان و شینایی شاد.
چ کەردەن منیش غەوارە،
داوێنی کراسەکەم هەڵدەوێزنم.
خۆم بۆ سەفەر و گەڕانەوەی دیدار کۆدەکەمەوە.

ئەمڕۆ لێرە دەڕۆم. دەڕۆم بەدڵێکی پڕلە هیواوە،
لێرەوە دەڕۆم بە هێزو گوڕی جارانەوە.
بۆ هێزی هەنگاوەکانم ناوچاوانی دانە دانەی ئیوە ڕۆڵە کۆمەلەییەکانم ماچ دەکەم، با زەنگوڵەی ئاونگی هەناسەتان بەسەر تاڵ تاڵی چڵە مووی سەرمەوە خۆ هەڵواسن و هەر لەگەڵم بن. با ئەوان لەبری ئێوە لەگەڵم بدوێن و یادەکانم لە بیر نەچنەوە.

دەمەو تاریکانێک لەسەر تەختی نەخۆشخانە، لەشاری ئۆپسالای وڵاتی سوئێد ڕاکشابوم.
دڵ تەنگ و بەتەنیا. هەر چاوم لەبن میچی ڕوخسار سپی هەڵگەڕاوی ژورەکەم دەکرد. کەسم نەدەناسی، لە زمانی کەسیش حاڵی نەدەبوم. ئەوەی لە دەورمن ڕەنگ و ڕوخساریان زۆر لە هیلای وڵاتی خۆمان نەدەچوو.
هەرچی بەلام دادەهات چاوی لێدەکردم و بەبزەیەکەوە سڵاوی دەکرد و دەڕۆیشت. لە سڵاوەکەش تێنەدەگەیشتم. تا لە دیلمانجەکەم کە یەکێک لە منداڵەکانم بوو پرسیم، ئیجا تێگەیشتم.
ژنێکی بڕێک تەمەن کامڵ هاتە لامەوەو ئەحواڵی پرسی و گوتی: خەلکی کوی؟
گوتم: خەلکی وڵاتێکم ناوی کوردستانە هێشتا کەوشەنەی دیاری نەکراوە، هەر ناوی هەیە.
گوتی: دەزانم.
– دەی من منداڵی ئەو وڵاتەم.
– دەمێکە نەخۆشی؟
– بیست ساڵە.
– هەر ئەم نەخۆشیە؟
– نا، ئێمە خەڵکی وڵاتێکین هەمومان دەردەداین. وڵاتی ئێمە خوێنی لێدەباری. خەمی لێدەچێنن. هەمومان توشی دەردە دڵ بوین.
ژنە پرچ خورمایەکە، چاوە سەوزەکانی مۆڵەقەی ئاو دایگرتبوو. دەستی بە پشتی دەستمدا دەهێنا و پرسی:
– زۆرن ئەوانەی وەک تۆن و دەردی دڵیان هەیە؟

گوتم: ئەگەر بەلای هەر گۆڕستانێکدا بڕۆی، گۆڕستانەکە پەنجەت بۆ درێژدەکا و یەک یەک ژمارەی ئەو دەردەدارانەت پێدەلێت. ئەگەر بەلای کانی و ئاوی هەر ئاواییەکدا بڕۆی، کچ و ژنی ڕەش پۆشت دەبینی، ڕوخساریان شایەدی دەدات. ئەگەر لە هەر کوێەک گۆرستانێ وەک کەلاوات بینی، کە لەسەر لەوحە ژەنگاویەکەی نووسرابوو نەحلەتاوا! ئەوە وڵاتی منە. ئەگەر بەلای قەبرستانی هەر ئاواییەکدا ڕۆیشتی، نووسراوەی سەر بەردە قرینجاوی کێلی قەبرەکانت خوێندەوە، دەزانی منداڵی چ شارو گوندێکی لێ نێژراوە. ئەمجارە ژومارەی ئەو دایکانە دەزانی، کە وەک من دەردی دڵیان هەیە.

ژنەکە بەدڵ تەنگی و بێ هیواییەوە، دەستە بێ هێزەکەی گوشیم و هەستا و جێیهێشتم. ترسام. گوتم بڵیی ژانی دڵی من ئەوی ترساندبێت، کە وا هەستاو ڕۆیشت.

ترپەی پێیی ئاشنا دەهات. مەلەکەم بانگکرد. دەستی پڕ خەمی ئەو کۆترە هێڵانە لێ ڕوخاوەم گرت و گوتم" ڕاستم کەوە با چاوم لە هەمووتان بێت.

دەبێ هەناسەی ئێوە، فرمێسکی فایزە، مەڵەکە، ڕەزا و حوشمەتم زۆرتر کۆکەمەوە، لەگەڵ زمزمەی ئاوی چاوەکانی فرمێسک یش لەگەڵ خۆمیان بەدیاری بەرمەوە.

بۆ ئەوەوە داری باخی تاڵەسوواری پێ ئاو بدەم. دەنگی ئاخرین ماچی ماڵ ئاوای بەیان و دکتور جەعفەریش، لە کەرکوکەوە بۆ خاڵەکانی دەبەمەوە.

من هێوای ئێوە، جارێکی دیکەش لە دڵی وڵاتی خەمتاندا دەچێنمەوە.

من وا دەگەڕیەمەوە بەرەو وڵات.

ئەمجارە بەڕاستی گوڵە سوورەکەی دیاریی ماجیدم، کە لەبەندیخانەی تەورێز بۆی ناردم و گوتی: لە کاتی دڵ خۆشی دوژمندا، لە بەڕۆکی خۆتی دە، ئەو لە بەڕۆکم دەدەم.

من ئاواتی هەژارانی کوردستان، بەخەلات پێشکەش بەچیای(چاڵاوو قەلەبەردی) سەرسەری ئاڵمانە دەکەم.

ئەم دوو(کێوە)جێگەی ڕازونیازی فوئاد و سەدیق و شوعیوب و دکتورجەعفەرو یوسف و حوسیەنی پیرخزری و ئەمین و حوسەینمە.

ئێرە سێبەری هیوای ژیانی ئازادی کچ و ژنی ژێر دەستی وڵاتەکەمە.

هەرکات ماندووم، دەزانن دێمە بەر سێبەری ئێرە. ئێرە بۆ من وەک باڵای دارحەیجەرانی دایم، سەر بەغەڵفە. لێرەوە گوێ لەدەنگی سێروو خەزای پایزی خەمی ناو تاڵە سووار دەگرم.

ئینجا چاو لەسەمای ئاغابانوەکەی فوئاد دەکەم. کە وا لەبری سەری فوئاد، لە ملی دار قەزوانەکەی تاڵە سواردا، لفکەکەی با دەیشەکێنێتەوە.

ئەوكاتە، دڵم ئۆقرە دەگرێت. ئەوكاتە رووخساری ئازایەتی شۆکێ خێراباتی و فەخرەی نەوەڕەم، کور وکچە ئازاکانی کۆمەڵەکەم، دەنگی خنکاوی ئازادی وڵاتەکەم دەبنەوە هیوام.
زۆرم هاوار کرد وگوتم، با لە جێی فوئاد من بچمە ئەم گۆرەوە. زۆرم هاوار کرد و گوتم هاورێکانی فوئاد باتەنیا نەبن. خۆ من هێشتا بارانی فرمێسکی سێ ڕۆژەی ئەمین و حوسەینم وەشک نەببونەوە.
خۆهێشتا ئارەقەی سەری حوسەین وئەمین لە سنگوو باوەشم وشک نەبۆتەوە. وا پەیکەری شۆڕشم، پەیکەری فوئادم دێتەوە.

هەل دەستمەوە. بانگی هەموان دەکەم. دەڵێم هۆ برایەنە،
من ژیری فوئادم لە مل دەکەم.
من ئازایی حوسین و ئەمینم لە دڵ دەگرم و دەیکەمەوە هێزی ئەژنۆکانم.
من نامەکەی ماجید، بەدەنگی بەرز بەرەو رووی گۆڕی٥٨ گیان بەختکردووی گوردانی شوانم، لە گۆرستانەکەی زەرگەتە، لە ئامێزی شاری سلیمانیدا و لە داوێنی باڵای بەرزی گۆیژەدا، دەخوێنمەوە.
من ئاواتی ئەمجەدم، وەک توێشەنانی ژیانم لە کۆڵ دەبەستم.
من قەڵەمەکەی دوکتور جەعفەرم، بەدیاری بۆ هەموو ڕۆڵە کۆمەڵەییەکانم دە بەمەوە.

کاتێک حوسیەنی پیرخزری لێی پرسیم. دەڵێم واماڵی یارانت دووبارە، خەریکە ئاوەدان دەبێتەوە. وا ئەمجارەش ئەوان بۆ شایی ئاواتی ئێوە دەستی یەک دەگرنەوە.
کاتێک کە لەفڕۆکەی خەم دابەزیم. گژە گژی بای باڵندەی خەیاڵیش، پاڵ پێوە دەنێم. بەفری وڵاتی دڵ خەم لێ بەجێماوەکانم لەسەرو پرچم دەتەکێنم.
داوی ڕێسمانی، بەزۆر هەلدرواو لە یەخەی کراسی سپی درێژم هەڵدەبڕم، دمووچاوم بەرەوو ڕووی خۆری تازە هەڵاتووی سەرشان وملی( ئاریز) ڕادەگرم. دەمم دەکەمەوە، پڕ بەسیەکانم بۆنی هەناسەی ماندووی دوای گریانی دایکە شەهیدەکانی شاری سنە، هەلدەمژم و بانگی دایکانی هەموو گوردانی شوان دەکەمەوە، دەڵێم ئازیزەکانم هەر لە گەلتانم.
ئنیجا چاوێک لەدارەستانی سەرپەیکەری تاڵە سوار دەکەم، تابزانم ئاودراون؟
هەر دەگەڕێمەوە بۆ لاتان. سوێندم خواردوە، دەبێ ئێسقانەکانم، لە ناو کلۆری دڵی عەرزی کوردستاندا خۆبشارنەوە.
توونیم، دەمم وەشکە، لەوە دەچێ دارەکانی تاڵەسواریش توونی بن؟ وا ڕەنگ زەرد دێنە بەر چاوم. نەکا گەڵای سێبەرێ حەسانەوەی ڕێبوارەکانیان وەریبێت. تۆ بڵێی ئەوانیش خەم زەردی هەڵیگێڕابن؟
دیارە کەس تاقەتی ئاودانیانی نەبوە.

داوای ئاوم لە(هەور) کرد،( هەور) گوتی ئەمڕۆکە (کوندە)کەم ئاوی بارانی تیانیە،
ڕووم لە (کێوی زەڕەوە) کرد، ناسیاوی سەر بەرزی دڤەڕەکەم. گوتم توونییمە (زەڕەوە) کێوی بالآبەزی ڕەنگ زەردی بەر هەتاوی وشکە سالّی دەڤەرەکەم، سەری دانەواند وبەشەرمەوە گوتی" چی بکەم، دەترسم ئاوی کۆڵی من توونێتی تۆی پێ نەشکێت.
ڕووم لە(تەتەی) هەورامان کرد، گوتم بڕێک لە شنەبای شەماڵی فێنکی بالآی بەرزی خۆتم بۆ بنێرە.
(تەتەی) هەورامان گوتی، مژ و کڕێوە ناو چاوانی گرتوم چی بکەم؟
گوتم دەی لە ئاوی کانیاوی ساردی تازە زاوی بناری خۆت! بەهۆرەی (هەجیجەوە) بۆم ڕەوانە بکە.
(تەتەی) هەورامان گوتی، ئا لەم کاتە؟ خۆ جەلیل هەورامی و یاسینیش لێرە نین، تا لەگەل ئەوان وبە یەکەوە خێرا کۆڵە ئاوی ئازادیان لە گەڵ بێەنم و لە کاسەی دارتووی دەستکردی(لهۆنیەکاندا)، لە بەر دەمی تۆ و میوانەکانتی دانێەین.
داوای ئاوم لە ماڵی خۆمان کرد.
فریشتە، پیاڵەیەک ئاوی ڕوونی دادەستم، کە قومم لێدا سوێر بوو زمانی گەستم.
گوتم بۆ وا سوێرە؟
گوتی مامۆ ژن گیان! ئاوی ماڵی ئێمە هەمووی فرمێسکە بۆیە.

من، دڵم نەهات هیچ بڵێم و بەسەر خۆمم نەهێنا، خۆم خلافانت. هەر ئەوەندە نەبێیت گوڵە سوورەکەی ماجیدم لە بەرۆکم قایمتر کردەوە.
ئینجا توند ڕەشتی‌یە بەفرمێسک شۆڕاوەکەی حەمە ڕەشیدبەگم لەملم ئالاند، پیالە ئاوی فرمێسکی فایزە و مەلەکە ورەزا وحوشمەتم لەگەڵ هیوای یارانیان، لەسەر دەستم دانا و وەڕێ کەوتم.
دەڕۆم بەرەو(ئالمانە)م، بەرەو جێگەی پڕخۆشی و ناخۆشیم. جارێ لە دوورەوە چاو لە گوێسوانەی دیوەخانەکەمان دەکەم، تا بزانم چەندە ڕوخاوە. کە گەیشتمە بەر دەرگا، دەستم بە ئەلقەی تەقلووبابی دەرگای حەوشەکەوە دەگرم. توند لێیدەدەم. داخوا کێ زوو دێ و دەرگام لێ دەکاتەوە، کامەیان دەم ناسێتەوە؟.
هەتاو، یان ئەختەر.
ئەگەر هەتاو بوو، ملوانکەێ یاقوتی ئەسرینی چاوەکانی فایزەی لەمل دەکەم.
ئەگەر ئەختەر بوو، بۆ خۆم لە ئامێزی دەگرم لە بری هەموان.
پرێسکەکەی دەستم دەدەمە هەتاو. دەست لەناو دەستی ئەختەر دەخەم. هەتاو دۆشەگەکەم بۆ ڕادەخا. ئەختەریش بالنجە گەورەکەی جارانی خۆم، کەوا لە پەڕە مریشک بۆی درووست کردبوم، بۆم دادەنێ؛ تا ئەمجارەش لایان دانیشم، هەر خۆمان سێ کەسی سەر بەسەری یەکەوە دەنێن و لای یەک بین.

بەیتەکانی وا جاران بۆ زۆڕ کەسم  دەگێڕانەوە، بۆ ئەوانیشی دەگێڕمەوە.
 خۆ بریقەێ چاوی ئەختەر و خۆشەویستی دڵی هەتاو، لە دەورمن، لە جیاتی
نۆ غەلفی سەر کۆلکەداری وشکی دڵم.
تێر تێر چاویان لێدەکەم. بۆنیان پێوە دەکەم، دەسکی جەڕەی پڕ لە ئاوی گوڵ وباخی سەر گۆری پێنچ خاڵەکەیان دەدەمە دەستیان و دەڵێم چاوەکانی نەنێ! دادەی!
خۆ هەرئێوە بوون ئەم سەردەمە تاریکە، داری دەستم و ئاوەدانی دەوروبەرم بوون. شەریکی هەژاریم و هەوری گەواڵ گەواڵی دەم بای خەموو مەڵهەمی زامی تەنیایم بوون. شەریکی دڵی پرخەمی وەک ڕندوە بەفری بەرەو هەرەسی دەس گڤەبای خاتوو زمەهرینم بوون.
یەک یەک لەئامێزیان دەگرم وبۆنی یارانی دوورو نزیکیان پێدا هەڵدەپڕژێنم. پێیان دەلێم ڕۆڵەکانم! نەکەن لەم کاتەدا بە قاقا وشایی لۆغانی دوژمنانمان دڵ تەنگ بن.
 هەموو گوڵی سووری ئاواتی ئاوەدانی ژیان لە بەرۆکتان دەن، سفرەی وەک زەمانی هەرە ئاوەدانی بۆ خزمان بڕازێنەوە.
منیش دەچم و بۆ جارێکیتر هەموو ژوورەکان دەگەرێم، دەست بە دیواری کۆن و تاقەی داوی جاڵجاڵۆکەگرتوودا دەهێنم، بە فوو تۆزی سەر ڕادیۆ

کۆنەکەی جاران، کەوا هەموو بێدەنگ بۆ بیستنی هەواڵ لەدەوری کۆدەبووینەوە برێک پاک دەکەمەوە.
دەگەرێم لە قوژبنی ئەمبارەکەدا بێشکەی کۆنی دارە پرتوکاوی منداڵەکانیش دەبینمەوە. لای دادەنیشم. ڕای دەژێنم. لایەلایەی بۆ دەکەم و شێعرەکەی قانعی بۆ دەلێمەوە. بەیتەکانی پیر شالیاریان بە سۆزی دەشتی شارەزوور بە گوێدا هەڵدەلێم.
هەر وەک یەکەم نۆبەرەم، ئەم جارەش بە دەسرازەی نوێ دەیڕازێنمەوە،
با پشوو بێتەوە بەر منیش و بێشکە بچۆلەکەش.
دەگەڕییێم و لیباسی منداڵەکانم لە بوخچە مەخمەرە قەنەوزەکەی دیاری دایکم، دێنمە دەرێ و بۆن بەلیباسی یەکە یەکەیانەوە دەکەم و هەڵی دەمژم. با هەناو بێتەوە بەرم. تا ئەژنۆکانم نە لەرزن و دوژمن بە کزی نەم بینێت. نابێ فرمێسک بتکێ لە چاوەکانم. نابێیت گوڵی سووری دیاری ماجیدم ژاکاو بێ، نەکات حاشام لێبکات.
لە فڕۆکەی وڵاتی سەهۆڵ بەندان دادەبەزم، لەگەڵ کۆری دەستە خوشکەکانم، لەناو کەژاوەی هەڵبەستراو بەگەڵای گەڵاڕێزانی دارستانی تاڵە سوار، بەرەو ماڵی کوڕەکانم دەچم.
بۆ زەماوەندی ئەوان، چوار بووک دادەبەزێ وچاڕشێوی ڕەشی بووکی حوسێنی نامرادم لادەدەم، هەر لەوێش لای ئەوان دەبم و باخەوانی داری سەر گۆرەکانیان دەکەم.

دەڕۆم چونکە دارقەزوانەکەی وا هەر ئاغابانوەکەی فوئادی لە ملی ئاڵاندوەو بەرز با دەی شەکێنێتەوە، چاوەڕی ئێمەیە.
دەڕۆم کە ماندوو بوم، ئارەقە کەوتە ناو چاوانم، بە ئاغابانوە ڕەش و سپیەکەی فوئاد، کە وەک ناوی هاوڕێکانی سەربەرزی، وەک بای ئازادی کوردستان دەشەکێتەوە.
ئەو ئاغابانوەی هەموو بەهارێک باران دەیشوات، با دەی تەکێنێت، خۆر وەشکی دەکاتەوە، ڕێسکەی ئاوی تەختایی سەر تەوێڵمی پێ دەسڕم و زەنگوڵە ئاوی چاوەکانمی پێ وشک دەکەمەوە.
من بەرەو ئاسۆی مرادی کاروانی کومەڵەیە گیان بەخت کردوەکان دەڕۆم. بەرەو ئاواتێک، فوئاد گرتێە پێش و ماجید بۆمنی کردە ڕەمز، هەنگاو دەنێم.
نابیێت کەس مات دیار بێ. نابێ کەس شان و ملی کزکات. دەبێ لە گەڵ کێلە شکاوەکان هەمووتان پێکەنن، تادوژمنی ئازادی پێی خۆشی بەعەرزدا نەدەن.
کە فوئاد پرسیاریکرد، دەڵێم یارانت لێت دەپرسن وا خەریکن سەر لە نوێ بەندی هۆندراوەکەی تۆ تازە دەکەنەوە.
کە حوسین پرسیاری کرد، فرمێسکی بە دیاری دەدەمێ.
کە ئەمین پرسیاری کرد، (گوڵێ و ئاسۆ)ی سەدیقی کەمانگەری بە دیاری دەدەمێ.
کە ماجید تەماشای کردم، گوڵە یادگارەکەی پیشکەش دەکەمەوە.

که ئەمجەد پرسی،  سڵاوی ڕەزای پێشکەش دەکەم.
که حوسینی پیرخزری پرسیاری کرد، سڵاوی هەموو هاوڕێکانیان پێشکەش دەکەم.
که دایکی هاوڕێکانی فوئاد و کۆمەڵە پڕسیان، نامەکەی دوکتور جەعفەریان بۆ دەخوێنمەوە.
من هەنگاو بۆ پێش هەڵدەگرم، بەڵام سەرم سوڕدەمێنێت نازانم لەبەرچی هەموو خزمەکان لە دەورم کۆببوونەوە. دەست بەرەو ڕووم درێژ دەکەن.
ئاوی سەر پێڵۆکانیان بەیەکەوە سەمایان بۆ دەکردم.
منیش بەدەسرەی سەرچۆپی خەمی نەڕەواوەم، دەنک دەنک دڵۆپەی فرمێسکی سەر رووومەتیانم دەسڕی. دەم کوت:
 ئازیزەکانم هاتومەوە هەرلاتان دەبم. مەگرین با بە دڵ تەنگی نەتان بینم. ئەوەتا دەستم لە قۆڵی دەستە خوشکانم کردوە و بەرەو تاڵەسوار دەچم.
تازە لە سەفەر گەڕاومەوە، دەمێکە سەری ماڵی
کورەکانم نەداوە، ئەوان چاوەرێمن.  دیاریم پێیە
بۆیان.  هەر کامەو دیاری خۆی لە دۆستە
کۆنەکانیانەوە، لە خوشک و براکانیانەوە.
ئەوەتا سەیرکەن چەند چڵ تاڵی پرچی ماشوو برنجی (مەلەکە)شم بەدیاری بۆ گوڵینگی تەسبیێحە قەزوانەکەی حەمە ڕەشید بەگیش پێیە.

دایە بەهیە وەک هەموو جارێک، وەک هەموو بەیانێک دەستە گوڵی شەش پەڕی تازەی پێیە. گوڵەکان

بەدەستی مەلەکە چەپک کراون، بەدەستی فایزە ئاوپژێن کراون، بەعەتری یادی ڕەشادو ڕەزا و حشمەت و فرمێسک و بەیان بۆن دراون. بە دیاریەکی ئاوا جوان ورازاوەوە، بەبزەیەکی قوڵ لەسەر لێوەکانی، ئەو ئێستا پەیکەری ژانی مێژو و شانازی ئێمەیە، بۆ سەردانی کورەکانی دەچێت.

ئەمجارە کاک فوئاد دەبینێی دایکی بە لیباسی ڕونەوە دێت بۆ لایان.

بە کوتنی شێعرەوە دێ. پیتە پڕماناکانی قانع وێژەدەکات. دەڵێ من: ( دڵم نایە ئیتر بکەم شین بۆتان، با فوئاد گیان خۆی بێت بۆ لاتان).

دەمێک بوو سەری نەدابوون. دەمێک بوو درەختەکان بۆنی میخکبەندی هەورامانیان هەڵنەمژیبوو. دەمێکیش بوو بەردی مرادی بە کێلەکانیانەوە نەنووساندبوو.

لە دوورەوە پێنچ باوەشی گەرمی بۆ کرانەوە بەرەو پیری چوون. کاک فوئاد گوتی: دایە هەر وەم زانی لە زیندانی شاری سنەم چاوە ڕێی هاتنت بووم. خۆ هەرکات لە گەڵ (مەلەکە) کەوتنە قسە کەستان لە بیر نامێنی.

ئەم جارە هەر کامەیان قسەیەکی خۆش بە دایکیان دەلێن و دەست لەملانی یەک دەبن. بۆنی هەناوی پڕ لە خەم و پڕ لە ئاواتی یەک هەلدەمژن. ئیتر لێرەیە گوڵێکی شەشپەر دروست دەبێ. هەر وەکوو چەپکە گوڵە رازاوەکەی دەستی خودی دایە بەهیە. لەمە بەدواوە هەر کامەیان بۆنێ پەڕێکی ئەو گوڵە ڕازاوەیەی لێدێیت.

حەمە ڕەشیدبەگیش بە گۆچانەکەیەوە بە هەیبەتێکی بەرزەوە، وەک خۆری ڕوونی پشت هەوری دڵ پڕی بەهارِ سەیری بارانی خەمی دەکرد. چاوی لە کۆلکە زێڕینەی کاڵەوە بووی بەر تیشکی خۆری خۆی کرد. دڵۆپەی چاوەکانی کەوتنە ناو کانیەکانی هەوری عەرزی توڕەی کوردستان.

توند بەگۆچانەکەی لە گڵە خاوەوە بوەکەی بەرپێ کوتاو گوتی: ئەی فەلەک وا دەنگت بەرزە، ئەی ئاسمان کە هەر ڕۆژە سوێندت پێدەخۆن، ئەگەر حەقی؟ بۆ جارێک نەت هێشت لە ئاسمانی سەر دڵی منیش ئەستێرەیەکی درەوشاوە ئۆقرە بگرێت.

دایە بەهیە دەستی دەستە خوشکەکانی بەردا و ماڵ ئاوای لێکردن.

ئەم جار رووی کردە کوڕەکانی و گوتی: ڕۆڵەکانم هاتووم بە یەکجاری لاتان بمێنمەوە. ئێتر جێتان ناهێڵێم. هاتووم لە ژوور سەری ئێوە ئۆقرە بگرم.

منیش جەستەم تێکەل بەخاک دەبێتەوە، بەڵام دڵم تێکەل بەهیوا بەرزەکانی ئێوە. فرمێسکی چاوەکانم وشک دەبێت، بەڵام گوڵی هیوام تێکەل بە باخی هیوای پڕبەری ئێوە و هەموو وڵاتەکەم دەبێتەوە.

ئاواتی ئێوە داری باخی پڕ غەڵفی بەرەو بووژانەوەیە. ئێوە بوون خۆری گەشتان جوڵاند. ئێستا هەتاوی گەشی هیوای چەوساوەکان، گزینگی سەر کەوتنی هاویشتۆتە ناو دڵی هەموو هەژارانی ئەم وڵاتەوە.

ئێوە زیندوون وەک ئەوانەی دڵنیام قەت نامرن.  داری هیوای ئێوە وا روو لە پشکووتنە.

سوێد بەهاری ٨٤